# ژیکەڵە

سابیر صدیق

دڵت

کۆترێکی

دیل و باڵبەستەی

زیندانی شاری پڕ تەموخەمە

خۆ منیش باڵام

دارێکی نامۆی

نێو دارستانە چڕ و ڕەشەکەی ئەمبەری چەمە

بۆ هەڵنافڕیت و

نایەیت چڵێکی لقی حەسرەتم

بکەیت بەلانە

بۆ ئەم زستانە

** ** **

خرمەی بارانی

سەر بە کلاوەی شەوانی زستان

تەپڵ و شەیپوری

تیپی ئازار و هەژانی منە

سەمای بێدەنگی

پەپولەی بەفرو کپی دارستان

**تابلۆی دنیای**

**عەشقی بێگەردی سۆفییەکی وونە**

** ** **

**کاتێ کە بینیم**

**پەیکەری باڵات**

**لە ناو "سەبوون" ی**

**لەیەک بڕانا دەچروسێتەوە**

**مەدەد یا مەولای**

**دڵم دەرهێناو کردمە پەڵۆشە**

**بۆ ئەو شاعیرەی**

**لە شەوی تارو ئەنگوستە چاوا**

**داستانی عەشقمان دەنووسێتەوە**

** ** **

**عەشقمان ساوا بوو**

**لە پێدەشتێکا**

**بەرەو ترۆپک کەوتبووە سەر ڕێ**

**کاتێک کە دای کرد**

**کڕێوەی تۆف و وەیشوومەی ڕۆژگار**

**ناپرسێت تۆ چیت!**

**کێیت و کوڕی کێ!؟**

** ** **

**جاران**

**باخێک بووم**

**سەوز وەکو چاووت**

**ئێستاش کە بووم بە منالّی باوەش**

**گەڵا ڕێزان و پایزی دووری**

**زەرد هەڵگەڕاوم بۆ قژی خاووت**

** ** **

**ئێستاش لە بیرمە**

**ئەو ساتە ڕەشەی کە بە جێم هێشتی**

**لە دوا ئاوڕدا**

**بۆشایی نێوان**

**سیمای تەڵخی تۆو نیگای ماتی من**

**تابلۆیەکی سریالی ڕووتی ئەم ژیانە بوو**

**چاوانت بسڕە**

**دەستت هەڵگرە**

**لە ڕاژەندنی بێشکەی بەتالّی**

**ئا ئەو ڕۆژانە کە لە دەستمان چوو**

** ** **

**ئێستەش کە جارجار**

**بنبەستی یاساخ کوناودەر دەکەی**

**بە کوچەی ترس و**

**قاچاغە ڕێدا دێیتە دیدەنیم**

**زۆر ساکارانە**

**دەپرسی بۆچی زەردو زگاری!**

ئاخر نازانی

سووتانی ویژدان

لەناو ئاگری تاوانی خاڵکا

چۆنە ئازادی

** ** **

نازانم

کەی بوو

نامەیەکی تۆ

گەیشتە دەستم

تێیدا نووسیبووت:

" بێدەنگی کوخی سەرفرازییە ، خامۆشی چەترە"

سووپاس..

هاوسەرە خێرنەدیوەکەم

لەسەر حەق بێژی

مەنجەنیقەکەی مەنسووری حەللاج

بۆ من وەک بەفرە..

** ** **

ژیکەڵانەکەم

لە کۆتایدا چاوتان ماچ دەکەم

گەر نیازت وایە

بەم نزیکانە بێیتە سەردانم

جووتێ گۆرەوی و

**هەندێ کاغەزی سپیم بۆ بێنە**

**نەیەت بە بیرتا**

**نا بووتی وچۆڵی گیرفانەکانم**

**لەگەڵ ...سڵاو و**

**ڕێزی" سابیر" تا**

---

گوندی هەرگێنە1987